# بڵاوكراوەی نوێ




## *ئامالی رەخنەو داهێنان:

(ئامالی رەخنەو داهێنان) ناونیشانی كتێبێكی (رزگار سەعید)ە، كە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە دووتوێی (144) لاپەڕەدا بە چاپیگەیاندووە، ئەم كتێبە كۆمەڵێك بابەتی هونەریی لەخۆگرتووە، ناونیشانی هەندێكیان (خوێندنەوەی رەخنە، ئافەریدەكانی بەرهەمی شێوەكاری، داهێنانی هونەری، پرۆسەی داهێنان و سووریالییەكان، شوناسی شێوەكاری،.)....

## *یانزە دەقی شانۆنامەی هەڵبژاردەی بیانی:

بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان لە دووتوێی (330 لاپەڕەداو لەژێر ناونیشانی (یانزە دەقی شانۆنامەی هەڵبژاردەی بیانی)دا كتێبێكی بەچاپگەیاندووە، كە (نووری سەعید قادر) لە عەرەبییەوە كردوویەتی بە كوردی و یانزە شانۆیی جیهانیی لەخۆگرتووە، لەوانە (پیاوە رووتەكەو ئەو پیاوەی كە بەرگی سەهدەی لەبەردایە، تۆفان، كراسی پیاوێكی بەختیار، تابلۆ سەیرەكە،.)....



## *تراژیدیای بوون:

(تراژیدیای بوون (ناونیشانی کۆمەڵە شیعرێکی (کامیل ئەحمەد بەگ)ە، کە لەدووتوێی (136 ) لاپەڕەدا بەچاپیگەیاندووە، ناونیشانی هەندێک لە شیعرەکان، (قەڵەمی شکاو، نهێنیی عەشق، دڵی شوشەیی، سکاڵای شاعیرێک،.)..




## هەڵوەرینی ڕەنگەکان:

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لەژێر ناونیشانی( هەڵوەرینی ڕەنگەکان)داو بەشێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و قەشەنگ کتێبێکی بەچاپگەیاندووە، کە کۆمەڵێک تابلۆی (نامیق عەلی قادر) ی لەخۆگرتووە و( شێرکۆ بێکەس) لەسەر هەریەک لە تابلۆکان شیعرێکی نووسیوە.